نووسینی
د. یحیی عبدالرزاق الغوثاني

- [x] ئاستی یەکەم
- [ ] ئاستی دووەم

# تەجویدی ئاسان
## بۆفێربوونی قورئان



وەرگێڕانی
زانا کریم

پێداچوونەوەی
مامۆستا ئەحمەدی شافعی

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی نووسەر

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام الأكملان الأتمان على سيد المرسلين، وعلى آله وصحبه أجمعين.

وبعد:

ئەم پەرتووکەی بەردەستت ئاسانکارییەکی زۆر باشە بۆ زیاتر ئاشنابوون و شارەزابوون لە باسەکان و حوکمەکانی زانستی تەجوید، رێبەرێکی کورت و پوختە بۆ قوتابیانی تازەپێگەیشتوو و سەرەتا، بۆ زیاتر ئاسانی بەشێوەی پرسیارو وەڵام دامناوە و رەچاوی بارودۆخی قوتابیانی بنەڕەتی و سەرەتاییم کردووە، وە إن شاء الله لەسەر کاسێتیش تۆماری دەکەین، تاوەکو زیاتر سوودی هەبێت و کەڵکی لێ ببینرێت.

داوا لەخوای بیسەرو نزیك و وەڵام دەرەوە دەکەم کە ئەم نامیلکە بکاتە مایەی خێر و قازانج بۆم.

والحمد لله رب العالمين

خزمەتکاری قورئانی پیرۆز

د. يحيى عبدالرزاق الغوثاني



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# سەرەتاییەکان و پێناسەکان

پ/ پێناسەی تەجوید بکە لە زاراوەو زمانەوەوانیدا؟

و/ لە زاراوەدا: بریتییە لە جوانکردن و چاککردن .

لەزمانەوانیدا: زانستێکە بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت ماف و حەقی گشت پیتەکانی قورئان بدات بەچاکترین شێواز.

پ/ بەرهەمی زانستی تەجوید چییە؟

و/ پاراستنی زمانە لە هەڵەو چەوتی لە قورئانی پیرۆزدا.

پ/ سوودی زانستی تەجوید چییە؟

و/ گەیشتنە بەڕەزامەندی خوای گەورە.

پ/ حوکمی شەرع لەبارەی فێربوونی زانستی تەجویدەوە چییە؟

و/ دوو جۆرە:

١/ فەرزی کیفایە: واتە پێویستە لەناو موسڵماناندا کۆمەڵێك لەخەڵکی هەبن زانیارییان هەبێت لەسەر بنەماو یاساکانی ئەم زانستە جا بائەگەر بەسەرزارەکی و تیۆری (نظري)ش بێت . .



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٢/ فـەرزی عـەین: واتـە پێویـست و فـەرزە لەسـەر ئەوکەسەی کە قورئان دەخوێنێتەوە ئەحکام و یاساکانی ئەم زانستە پەیڕەو بکات لەکاتی قورئان خوێندنەکەیدا، ئەگینا بەبێ هۆ گوناهبار دەبێت و خوێندنەوەکەی دەبێتە پێچەوانەی خوێندنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی.

پەروەردگارمان فەرمانمان پێدەکات و دەفەرمووێت:

﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾ المزمل:٤

واتـە: دەوری قورئـان بکـەرەوە بـەوردی و لەسـەرخۆ.

•(ت_ئاسان)

پ/ چۆن قورئانی پیرۆز بخوێنین؟

و/ هـەموو زانایـانی زانـستی تەجویـد و خوێندنـەوەکانی قورئانی پیرۆز لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە دەبێ قورئـانی پیرۆز بەشێوەیەکی زۆر تایبەتیانـە بخوێندرێتـەوەو نابێـت کەسی خوێنەری وەکو پەرتووکێکی ساناو و سادە سەیری بکـات و دەوری بکاتـەوە، بـەڵکو پێویـستە بەوشـێوەیە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بیخوێنێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) خوێندویەتییەوەو هاوەڵە بەڕێزەکانیشی (رضي الله عنهم) شێوەی خوێندنەوەی ئەو خۆشەویستەیان بۆئێمە گێڕاوەتەوە تاوەکو چاوی لێبکەین و لە خوێندنەوەشماندا شوێنکەوتەی بین.

ئەوەش بەوە دەبێت کە:

ماف و حەقی هەموو پیت و وشەکان بدەین و زۆر بەجوانی و ڕەوانی پیتەکان لە شوێنی خۆیانەوە دەربهێنین و بەشێوەیەکی وردو ڕێك و تەواو لە زارمانەوە دەری ببڕین.

کەوامانکرد ئەوسا واتای ئەم ئایەتە پیرۆزەش دێتە جێ کە دەفەرموێت:

﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾ المزمل:٤

واتە: بەهێدی و هێمنی قورئان بخوێنە، نەك بەپەلە و خێرا، بەخوێندنەوەیەك بیخوێنە کە ببێتە مایەی ڕووناکی بۆ دڵت. (ت _ گوڵشەن)

پ/ چەند جۆر خوێندنەوەی قورئان هەیە؟



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

و/ بەگشتی قورئان بەسێ شێوە دەخوێندرێتەوە:

شێوەی یەکەم: وردوو درشت (التحقیق):

بریتییە لەوەی زۆر بەشێوەیەکی نەرم و هێمن و لەسەرخۆ و بەهێواشی و تەدەبوور و لێتێگەیشتنەوە یەك یەکی ئایەتەکان بخوێندرێت، بەبێ پەلەپەل و خێرایی، لەگەڵ رەچاوکردنی یاساکانی تەجوید.

شێوەی دووەم: پەلەو گورجی (الحدر):

بریتییە لە خوێندنەوەی ئایەتەکان بەشێوەیەکی پەلە و خێرا، لەگەڵ رەچاوکردنی یاساکانی تەجوید.

شێوەی سێیەم: مامناوەندو ناوەڕاست (التدویر):

بریتییە لە خوێندنەوەی ئایەتەکان بەشێوەیەکی ناوەندو نێوان، نە زۆر خێراو بەپەلە، نەزۆر هێواش و لەسەرخۆ، لەگەڵ جێ بەجێ کردنی یاساکانی تەجویددا.

- ئەگەر هەرکەسێك بەم سێ شێوەیە قورئانی خوێندەوە ئەوە مافی ئایەتەکانی داوە و خوێندنەوەکەی بە رێك و پێك حیساب دەکرێت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# یاساکانی نونی ساکین و تەنوین

پ/ نونی ساکین و تەنوین چەند حاڵەتیان هەیە؟

و/ چوار حاڵەتیان هەیە:

١/ ئاشکراکردن (الأظهار).

٢/ تێ هەڵکێش کردن (الأدغام).

٣/ گۆڕین (الأقلاب).

٤/ شاردنەوە (الأخفاء).

## یەکەم - ئاشکراکردن (الأظهار)

پ/ پێناسەی (الأظهار) بکە لە زاراوەو زمانەوانیدا؟

و/ لە زاراوەدا: بریتییە لە ئاشکراکردن و دەرخستن.

لە زمانەوانیدا: بریتییە لە دەربڕینی هەموو پیتێك لەشوێنی خۆیەوە بەبێ مینگە.

- هەرکاتێك نونی ساکین و تەنوین کەوتنە پێشی



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

حەرفەکانی حەلقەوە پێویستە دەرببڕدرێت و ئاشکرابکرێت بەبێ مینگە (غنة).

پ/ پیتەکانی حەلق کامانەن؟

و/ ئەو پیتانەن کەلە قورگدا دەردەهێندرێت، کە ئەوانیش شەش پیتن:

( ١/ هەمزە، ٢/ هاء، ٣/ عەین، ٤/ حاء، ٥/ غەین، ٦/ خاء).

سەرجەمیان لەم دێڕەدا کۆکراونەتەوە کە دەفەرمووێت:

( أخي هاك علماً حازه غير خاسر ).

واتە: براکەم ها ئەوە زانستە هەرکەس پێی بێت زەرەرمەند نابێت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| پیتەکان | نموونەکان | | |
|---|---|---|---|
| | لەیەك وشەدا | لە دوو وشەدا | لەگەڵ تەنویندا |
| ء | وَيَنْـَٔوْنَ | مِنْ إِلَٰهٍ | عَذَابٌ أَلِيمٌ |
| هـ | يَنْهَوْنَ | مِنْ هَادٍ | وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ |
| ع | أَنْعَمْتَ | مِنْ عَلَقٍ | حَكِيمٌ عَلِيمٌ |
| ح | وَتَنْحِتُونَ | مِنْ حَسَنَةٍ | نَارٌ حَامِيَةٌ |
| غ | فَسَيُنْغِضُونَ | مِّنْ غِلٍّ | لَعَفُوٌّ غَفُورٌ |
| خ | وَالْمُنْخَنِقَةُ | مِنْ خَيْرٍ | قَوْمٌ خَصِمُونَ |

## دووەم - تێ هەڵکێش کردن (الأدغام)

پ/ پێناسەی ئیدغام بکە لە زاراوەو زمانەوانیدا؟

و/ لە زاراوەدا: تێ هەڵکێش کردن.

لە زمانەوانیدا: کۆبوونـەوەی دوو پیتـە یەکـەمیان زەنـەدار (ساکن) دووەمیان بـزواو (متحـرك) بێـت، بـەجۆرێك ئەگـەر



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

گەیشتن بەیەکتری دەبن بەیەك پیتی توندو شەددەدار.

پ/ ئیدغام چەند جۆری هەیە؟

و/ دوو جۆر:

١/ ئیدغامی مینگەدار (بغنة)

پیتەکانی ئەم جۆرە چوار پـیتن، کۆبوونەتـەوە لـە وشـەی (یومن) یان (ینمو)دا.

نموونە:

| پیتەکان | نموونەکان | |
|---|---|---|
| ي | مَن يَعۡمَلۡ | فِئَةٞ يَنصُرُونَهُۥ |
| واو | مِن وَلِيّٖ | سِرَاجٗا وَهَّاجٗا |
| میم | مِن مَّآءٖ | صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ |
| نون | إِن نَّقُولُ | مَلِكٗا نُّقَٰتِلۡ |

٢/ ئیدغامی بێ مینگە (بلاغنة)

پیتەکانی ئەم جۆرەش دوو پیتن، کە (لام و ڕا)ن.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

نموونه:

| نموونەکان | پیتەکان |
|---|---|
| أَن لَّوْ ، أَندَادًا لِّيُضِلُّوا۟ | لام |
| مِن رَّبِّكَ ، بَشَرًا رَّسُولًا | ڕا |

## سێیەم- گۆڕین (الأقلاب)

پ/ پێناسەی ئیقلاب بکە لە زاراوەو زمانەوانیدا؟

و/ لەزاراوەدا: گۆڕینی شتێك لە ڕووەکەی خۆیەوە بۆ ڕویەکی تر.

لە زمانەوانیدا: گۆڕینی نونی ساکین و تەنوینە بە پیتی میم لەکاتی گەیشتنیان بەپیتی با (ب) بەمەرجێك مینگەش دروست ببێت.

| لەکاتی خوێندنەوەدا | نموونە |
|---|---|
| لَيُمْبَذَنَّ | لَيُنۢبَذَنَّ |
| عليمُمْبِذَاتِ | عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ |



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# چوارەم- شاردنەوە (الأخفاء)

پ/ پێناسەی ئیخفا بکە لە زاراوەو زمانەوانیدا؟

و/ لە زاراوەدا: شاردنەوە

لە زمانەوانیدا: بریتییە لە شاردنەوەی نونی ساکین (ن) یان تەنوین( ـً ـٍ ـٌ ) کاتێك بگەن بە پیتەکانی (ئیخفا) لەگەڵ بوونی مینگەدا.

پ/ پیتەکانی ئیخفا چەندن و کامانەن؟

پانزە پیتن، کۆکراونەتەوە لەپیتە سەرەتاییەکانی ئەم بەیتەدا:

صِف ذَا ثَنَاكَم جَاد شَخصٍ قَد سَمَا

دُم طَيباً زِد فِي تُقى ضَع ظَالماً

واتە: وەسفی کەسێك بکە کە خاوەن رێزبێت، چەندین کەس باش بوون و بەرزەوە بوون، دەتۆش تەقواو لەخوا ترسان زیاد بکەو واز لە ستەمکاران بهێنە.

نموونەکان:



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| پیتەکان | لەیەك وشەدا بۆ نونی ساكین | لە دوو وشەدا بۆ تەنوین |
| --- | --- | --- |
| صاد | فَٱنصُرۡنَا | قَاعًا صَفۡصَفًا |
| ذال | ءَأَنذَرۡتَهُمۡ | عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ |
| ثاء | مَّنثُورًا | أَزۡوَٰجًا ثَلَٰثَةً |
| كاف | يَنكُثُونَ | كِتَٰبٌ كَرِيمٌ |
| جيم | أَنجَيۡنَٰكُم | فَصَبۡرٌ جَمِيلٌ |
| شين | أَنشَأۡتُم | جَبَّارًا شَقِيًّا |
| قاف | فَٱنقَلَبُوا | عَذَابٌ قَرِيبٌ |
| سين | ٱلۡإِنسَٰنَ | قَوۡلًا سَدِيدًا |
| دال | أَندَادًا | وَكَأۡسًا دِهَاقًا |
| طاء | ٱنطَلِقُوٓا | حَلَٰلًا طَيِّبًا |
| زاي | تَنزِيلُ | نَفۡسًا زَكِيَّةً |
| فاء | أَنفُسَكُمۡ | عَاقِرًا فَهَبۡ |
| تاء | أَنتُم | جَنَّٰتٍ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا |
| ضاد | مَّنضُودٍ | قَوۡمًا ضَآلِّينَ |
| ظاد | يُنظَرُونَ | ظِلًّا ظَلِيلًا |



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# یاساکانی میمی زەنەدار (ساکن)

پ/ میمی زەنەدار چییە و؟ چەند یاسای هەیە؟

و/ میمی زەنەدار یەکێکە لەو پیتانەی کەلە نێوانی دوو لێوەوە دەردەچێت لەکاتی دەربڕیندا و هیچ حەرەکەیەکی لەسەر یان لەژێر نییە.

سێ یاسای هەیە:

یەکەم / شاردنەوەی لێوی (الأخفاء الشفوي)

ئەم حاڵەتەش لەکاتێکدا دەبێت کە پیتی (ب) لەدوای میمی زەنەدارەوە هات:

وەك:

﴿ تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ ﴾ ، ﴿ وَهُم بِالْآخِرَةِ ﴾

لەم کاتەدا (میمەکە) دەشاردرێتەوەو مینگە روو دەدات.

دووەم / تێهەڵکێشکردنی لێوی (الأدغام الشفوي)

ئەم حاڵەتە لەکاتێکدا دەبێت کە میمی زەنەدار (ساکن) بگات بە میمێکی بزواو (متحرك).

وەك:



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

﴿ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ ﴾ ، ﴿ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ ﴾

لەم کاتەدا هەردوو میمەکە تێهەڵکێشی یەکتری دەکرێن و بە هەردوو میمەکە میمێکی شەددەداری بە مینگە پێک دەهێنن.

سێیەم/ ئاشکراکردنی لێوی ( الأظهار الشفوي)

ئەم حاڵەتەش لەکاتێکدا دەبێت کە ئەگەر لەدوای میمی زەنەدارەوە پیتێکی تری بێجگە لە (م، ب) هات.

وەک:

﴿ مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ ﴾ ، ﴿ وَهُمْ فِيهَا ﴾

لەم کاتەدا میمە زەنەدارەکان زۆر بەئاشکرای دەردەبڕدرێن.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## یاساکانی مەد

پ/ پێناسەی مەد بکە لە زاراوە و زمانەوانیدا؟

و/ لەزاراوەدا: زیادکردن و درێژ کردنەوە .

لەزمانەوانیدا: درێژکردنەوەی دەنگە لەکاتی گەیشتن بەپیتەکانی مەد.

پ/ پیتەکانی مەد چەندن و کامانەن؟

و/ سێ پیتن:

١/ ئەلیفی زەنەدار کەپیتی پێشی فەتحەی لەسەربێت، وەك ﴿قَالَ﴾ .

٢/ واوی زەنەدار کەپیتی پێشی (ضَمَ)ی لەسەر بێت،وەك ﴿يَقُولُ﴾ .

٣/ یائی زەنەدار کەپیتی پێشی کەسرەی لەژێر بێت،وەك ﴿قِيلَ﴾ .

هەرسێ حاڵەتەکەش لەم وشەدا بەدی دەکرێت ﴿نُوحِيهَآ﴾.

پ/ مەد چەند جۆری هەیە؟



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

نۆ جۆری هەیە و بەگشتی دابەش دەکرێن بەسەر دووبەشی سەرەکیدا:

**بەشی یەکەم: مەدی ئەسڵی:**

بریتییە لەو حاڵەتەی کەپیتەکانی مەد نەگەیشتبن بەیەکێك لەهۆکانی مەد، ئەندازەی دوو جوڵەش درێژ دەکرێتەوە.

ئەم بەشەیان لەخۆ گری چوار جۆر مەددە لەنۆ بەشە کە، ئەمانەن:

١/ مەدی طبيعي

٢/ مەدی بدل

٣/ مەدی عوض

٤/ مەدی الصلة الصغرى

**بەشی دووەم: مەدی فەرعی:**

بریتییە لەو حاڵەتەی کە پیتەکانی مەد گەیشتبن بە یەکێك لەهۆکانی مەد و لەگەڵیدا کۆببنەوە.

ئەم بەشەیان لەخۆگری پێنج جۆرە مەددە لەنۆ بەشەکە،



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

که ئەمانەن:

١/ مەدی واجب المتصل

٢/ مەدی جائز المنفصل

٣/ مەدی لازم

٤/ مەدی لين

٥/ مەدی عارض للسكون

## ١- مەدی طبيعي

پ/ پێناسەی مەدی طبیعي بکەو نموونەشی بۆ بهێنەرەوە؟

و/ بريتييە لەو مەددەی کە لەپێشيەوە و لەدوايەوە هەمزە ياخود سکون نەهاتبێت.

وەك:

﴿قَالَ﴾، ﴿يَقُولُ﴾، ﴿قِيلَ﴾.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

پ/ ئەندازەی درێژکردنەوەکەی چەندە؟
پ/ ئەندازەی درێژکردنەوەکەی چەندە؟
و/ دوو جوڵە (حەرەکە)یە.

ئەم سورەتە پیرۆزە بخوێنەو تێی رامێنە بزانە چەند مەدی طبیعي تیایە پەروەردگارمان دەفەرمووێت:

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿وَٱلۡعَصۡرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ﴿٣﴾﴾

## ٢/ مەدی بَدَل

پ/ پێناسەی مەدی بدل بکەو نموونەی بۆ بهێنەرەوە؟
پ/ پێناسەی مەدی بدل بکەو نموونەی بۆ بهێنەرەوە؟
و/ مەدی بدل: بریتییە لەو پیتە مەددەی کەلە پێشیەوە هەمزە هاتبێت.

وەك: ﴿ءَادَمَ﴾ ، ﴿أُوتُواْ﴾ ، ﴿إِيمَٰنًا﴾
ءا أو إي

پ/ ئەندازەی درێژکردنەوەی چەندە؟
پ/ ئەندازەی درێژکردنەوەی چەندە؟

و/ دوو جوڵەیــە، لــەکاتی وەســتان و لــەکاتی ڕۆیــشتن بەسەریدا.

پ/ ئایا بێجگە لەو چەند نموونەیە لە قورئاندا نموونەی تـر هەیە بۆ مەدی بدل؟

و/ بەڵێ زۆرە، لەوانە:

﴿مُتَّكِـِٔينَ﴾ ، ﴿مَسْـُٔولًا﴾ ، ﴿ٱلْقُرْءَانُ﴾ ،

﴿رُءُوسِهِمْ﴾ ، ﴿ءَاتِنَا﴾ ، ﴿أُوتِيَ﴾ .

## ٣- مەدی عِوَض

پ/ پێناسەی مەدی عوض بکەو نموونەشی بۆ بهێنەرەوە؟

و/ مــەدی عــوض: بریتییــە لــە وەســتان لەســەر تــەنوینی ئەلف، وەك:

﴿غَفُورًا﴾ ، ﴿رَّحِيمًا﴾ ، ﴿شَكُورًا﴾

پ/ ئەندازەی درێژکردنەوەکەی چەندە؟

و/ دوو جوڵە (حەرەکە)یە لەکاتی وەستاندا.

پ/ بێجگە لەو نموونانە بۆ مەدی عوض ئایا لەقورئاندا نموونەی تر دەست دەکەوێت؟

و/ بەڵێ زۆرە، بەتایبەتی لەکۆتایی ئایەتەکاندا:

وەك:

﴿حَكِيمًا﴾ ، ﴿حَمِيدًا﴾ ، ﴿عَلِيمًا﴾ ، ﴿كَرِيمًا﴾

، ﴿غَرْقًا﴾ ، ﴿نَشْطًا﴾ ، ﴿أَفْوَاجًا﴾ ، ﴿مَآءً﴾ ،

﴿سَبْحًا﴾ ، ﴿سَوَآءً﴾ ، ﴿بِنَآءً﴾.

## ٤- مەدی صِلَه

پ/ پێناسەی مەدی صلة بکە؟

و/ مەدی صلة: بریتییە لە درێژکردنەوەی های راناو (ضمير).

پ/ مەدی صلة چەند جۆری هەیە؟ باسیان لێوە بکە؟

و/ دوو جۆری هەیە:



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یەکەم: مەدی الصلة الصغری:پەیوەندی بچوك

بریتییە لەو مەددەی کە لەدوای هاکەیەوە هەمزە نەهاتبێت.

وەك:

﴿كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهۡرِهِۦ﴾ ، ﴿لَهُۥ مَا فِي﴾

دوو جوڵەش درێژ دەکرێتەوە، چونکە دەلکێندرێت بە مەدی (أصلي)یەوە.

دووەم: مەدی الصلة الکبری: پەیوەندی گەورە :

بریتییە لەو مەددەی کە لەدوای هاکەیەوە هەمزەی پچڕێنەر (قطع) هاتبێت.

وەك:

﴿مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ﴾ ، ﴿وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٌ﴾.

ئەم جۆرەشیان ئەلکێندرێت بە مەدی (فرعی)یەوە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# مەدی فەرعی

پ/ پێناسەی مەدی لاوەکی (فرعی) بکە؟

و/ بریتییە لەو درێژکردنەوەی کە دوو جوڵە درێژ دەکرێتەوە بەهۆی کۆبوونەوەی پیتی مەد لەگەڵ هەمزە و سکوندا.

یەکەم: مەد بەهۆی هەمزەوە دوو جۆرە:

١/ مەدی واجب المتصل

٢/ مەدی جائز المنفضل

یەکەم/ مەدی واجب المتصل

پ/ پێناسەی مەدی واجب المتصل بکە؟

و/ بریتییە لەو درێژکردنەوەی لەدوای پیتی مەددەوە هەمزە هاتبێ و لەیەک وشەدابن.

وەک:

﴿شَآءَ﴾ ، ﴿ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ ، ﴿سُوٓءَ﴾.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

پ/ چەند جوڵە درێژ دەکرێتەوە؟
پ/ چەند جوڵە درێژ دەکرێتەوە؟

و/ چوار یان پێنج جوڵە درێژ دەکرێتەوە، بەڵام چوار باشترە.

پ/ ئایا نموونەی تر لە قورئاندا هەیە بۆئەم جۆرە مەددە؟
پ/ ئایا نموونەی تر لە قورئاندا هەیە بۆئەم جۆرە مەددە؟

و/ بەڵێ، لەوانە:

﴿ٱلشِّتَآءِ﴾ ، ﴿يُرَآءُونَ﴾ ، ﴿ٱلسَّآئِلَ﴾ ،
﴿حُنَفَآءَ﴾ ، ﴿جَآءَ﴾ ، ﴿جَزَآؤُهُمۡ﴾ ،
﴿ٱلسَّمَآءِ﴾ ، ﴿ٱبۡتِغَآءَ﴾ ، ﴿عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ﴾.

## دووەم/ مەدی جائز المنفصل
مەدی جائز المنفصل

پ/ پێناسەی مەدی جائز المنفصل بکە و نموونەشی بۆ بهێنەرەوە؟
پ/ پێناسەی مەدی جائز المنفصل بکە و نموونەشی بۆ بهێنەرەوە؟

و/ بریتییە لەو درێژکردنەوەی کە لە دوو وشەدا دروست دەبێت، لە وشەی یەکەمدا پیتی مەددەکە دەکەوێتە کۆتاییەوە، لەوشەی دووەمیشدا هۆی درێژکردنەوەکەی کە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

هەمزەیە دەکەوێتە یەکەم پیتەوە.

وەك:

﴿ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ ﴾ ، ﴿ وَإِذَآ أَرَادَ ﴾ ، ﴿ بِمَآ أَوۡحَيۡنَآ ﴾

، ﴿ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ ﴾ ، ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ ﴾ .

پ/ ئەم جۆرە مەددە چەندێك درێژدەكرێتەوە؟

و/ چوار جوڵە یان پێنج جوڵە درێژ دەكرێتەوە، بەڵام چوار جوڵە باشترە، وە بەئەندازەی دوو جوڵەش هەر دروستە.

دووەم: مەد بەهۆی زەنەوە (سكون)

ئەم جۆرەش لەخۆگری سێ جۆر مەددە:

١/ مەدی لازم

٢/ مەدی عارض للسكون

٣/ مەدی لین



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ٣/ مەدی لازم

پێناسەی مەدی لازم بکەو نموونەی بۆ بهێنەرەوە؟

و/ بریتییە لەوەی لەدوای پیتە مەددەکەوە (سکون) هاتبێت.

وەك:

﴿ٱلصَّآخَّةُ﴾، ﴿دَآبَّةٍ﴾، ﴿ٱلطَّآمَّةُ﴾

پ/ چەند جوڵە درێژ دەکرێنەوە؟

و/ پێویستە لەهەموو حاڵەتەکاندا شەش جوڵە درێژ بکرێنەوە.

۞ ۞ ۞

### ٤/ مەدی عارض للسکون

پ/ پێناسەی مەدی العارض للسکون بکە و نموونەی بۆ بهێنەرەوە؟

و/ بریتییە لەو مەددەی کەبەهۆی راوەستانەوە روو دەدات لەسەر یەکێ لە پیتەکانی مەد.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

وەك:

﴿مَـَٔابٍ﴾ ، ﴿ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ ، ﴿ٱلرَّحِيمِ﴾.

پ/ چەند جوڵە درێژ دەكرێتەوە؟
پ/ چەند جوڵە درێژ دەكرێتەوە؟

و/ دروستە دوو جوڵە یان چوار یان شەش جوڵە درێژ بكرێتەوە، لەكاتی وەستاندا لەسەر پیتە مەددەكان، بەڵام ئەگەر رانەوەستایت لەسەری ئەوا هیچ جوڵەیەك درێژ ناكرێتەوە.

٥/ مەدی لین

پ/ پێناسەی مەدی لین بكەو نموونەی بۆ بهێنەرەوە؟
پ/ پێناسەی مەدی لین بكەو نموونەی بۆ بهێنەرەوە؟

و/ بریتییە لەو مەددەی كە لە دوو پیتدا دروست دەبێت كە واو یان (واو، ی) كاتێ ئەگەر زەنەدار (ساكن) بوون و پیتی پێش خۆیان فەتحەی لەسەربوو، وە پیتی دوای خۆیان بەهۆی وەستانەوە زەنەدا (ساكن) دەبوو، لەم كاتەدا مەدی لین دروست دەبێت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

پ/ چەند جوڵە درێژ دەکرێتەوە؟

و/ دروستە دوو یان چوار یان شەش جوڵە درێژ بکرێتەوە.

ئەم سورەتە پیرۆزە بخوێنەو زۆر بەوردی سەرنجی مەددە لینەکان بدە.

پەروەردگارمان دەفەرمووێت:

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ ﴿١﴾ إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ

﴿٢﴾ فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ ﴿٣﴾ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن

جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ﴿٤﴾﴾



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# قەلقەلە

پ/ پێناسەی قەلقەلە بکە لە زاراوەو زمانەوانیدا؟

و/ لە زاراوەدا: لەرینەوەو دەنگ دانەوە.

لە زمانەوانیدا: بریتییە لە دەربڕینی پیتەکانی قەلقەلە بەشێوەیەکی بەهێز، کەلەکاتی دەربڕینیاندا دەنگ دانەوەیك بەئاشکرایی دروست دەبێت.

پ/ پیتەکانی قەلقەلە چەند پیتن؟

و/ پێنج پیتن (ق، ط، ب، ج، د) هەمووشیان لە وشەی (قطب جد)دا کۆکراونەتەوە.

پێویستە لەکاتی گەیشتن بەم پیتانە بەشێوەیەکی توندو تەواو دەرببڕدرێن، تاوەکو دەنگ دانەوەکە دروست ببێت.

پ/ قەلقەلە چەند جۆری هەیە؟

و/ دوو جۆری هەیە:

یەکەم / بچووك (صغری) کاتێ پیتەکانی قەلقەلە کەوتبوونە ناوەڕاستی وشەوە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

وەك: ﴿ خَلَقْنَا ﴾ یان ناوەڕاستی ڕستەوە وەك:

﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴾

دووەم/ گەورە (کبری) کاتێ پیتەکانی قەلقەلە کەوتبوونە کۆتایی وشەوە دروست دەبێت.

وەك: (اختلق) ص(٧)

| جۆری قەلقەلە | نمونەکان | پیتەکان |
| --- | --- | --- |
| بچووك | ﴿ يَقْتُلُونِ ﴾ ، ﴿ يَقْدِرُونَ ﴾ | قاف |
| گەورە | ﴿ لُوطٍ ﴾ ، ﴿ مُّحِيطٌ ﴾ | طاء |
| گەورە | ﴿ رَقِيبٌ ﴾ ، ﴿ ٱلثَّاقِبُ ﴾ | باء |
| گەورە | ﴿ ٱلْبُرُوجِ ﴾ ، ﴿ بَهِيجٍ ﴾ | جيم |
| گەورە | ﴿ ٱلْمَوْعُودِ ﴾ ، ﴿ أَحَدٍ ﴾ | دال |



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# جۆرەکانی مەدی لازم

پ/ مەدی لازم چەند بەشی هەیە؟
پ/ مەدی لازم چەند بەشی هەیە؟

و/ دوو بەشی هەیە:

١/ وشەیی (کلمي)

٢/ پیتی (حرفي)

وە هەریەکێ لەم دوو بەشە دەبن بە دوو جۆرەوە:

١/ سووک (مخفف)

٢/ قورس (مثقل)

بەم شێوەیە بەگشتی مەدی لازم دەبێت بەچوار بەشەوە:

یەکەم: مەدی لازمی قورسی وشەیی (المثقل الکلمي)
یەکەم: مەدی لازمی قورسی وشەیی المثقل الکلمي

بریتییە لەو درێژکردنەوەی کەلە دوای پیتە مەددەکەوە پیتێکی زەنەدار (ساکن)ی تێ هەڵکێش کراو هاتبێت.

وەک:

﴿ٱلصَّآخَّةُ﴾ ﴿أَتُحَٰٓجُّوٓنِّي﴾ ، ﴿ٱلۡحَآقَّةُ﴾ ، ﴿ٱلطَّآمَّةُ﴾

هەریەکێ لە پیتەکانی (خ، ج، ق، م) لەم نموونانەدا کە بەدوای پیتە مەددەکاندا هاتوون لە بنەڕەتدا دوو پیت

بوون، یەکەمیان زەنەدار (ساکن) بووە و دووەمیان بزواو (متحرك) بووە، پاشان هەردووکیان تێ هەڵکێشی یەکتری کراون و پیتێکی شەددەداریان لێ دروست بووە.

بۆ نموونە: الحاقه- دوای تێهەڵکێشکردنی هەردوو قافەکە
قق.
لەیەکدا گەڕاوە بە:

﴿ ٱلۡحَآقَّةُ ﴾.

**دووەم: مەدی لازمی سوکی وشەیی (المخفف الکلمی)**

بریتییە لەو درێژکردنەوەی کەلە دوای پیتە مەدەکەوە پیتێکی زەنەدار (ساکن) هاتبێت.

وەك:

﴿ ءَآلۡـَٔـٰنَ وَقَدۡ كُنتُم بِهِۦ تَسۡتَعۡجِلُونَ ﴾ ﴿ ءَآلۡـَٔـٰنَ وَقَدۡ عَصَيۡتَ ﴾

لەم دوو نموونەیەشدا دەبینین کەلە دوای پیتە مەدەکانەوە کە ئەلیفە پیتێکی زەنەدار هاتووە کە لامە، لەهەموو قورئانی پیرۆزدا تەنها ئەم دوو نموونەیە هاتووە لە سورەتی یونس (٥١، ٩١).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## سێیەم: مەدی لازمی قورسی پیتی (المثقل الحرفي)

ئەم حاڵەتەش لە سەرەتای هەندێ سورەتدا ڕوودەدات، کاتێ کە سێ (٣) پیت بن، پیتی ناوەندیان مەددە و پیتی سێهەمیشیان تێهەڵکێش کراوە لەگەڵ ئەو پیتەدا کە بەدوای خۆیدا هاتووە.

وەك:

﴿ الٓمٓ ﴾ بە نووسین (الف لام میم)

لێرەدا پیتی ناوەڕاست کە (لام)ە پیتە مەدەکەیە، پیتی سێهەمیش کە (میم)ە گەیشتووە بە (میم) بۆیە هەردووکیان تێهەڵکێش دەکرێن و دەبن بە یەك (میم).

﴿ طسٓمٓ ﴾ بە نووسین (طا سین میم)

لێرەشدا پیتی ناوەڕاست کە (ی)ە، پیتە مەدەکەیەو پیتی سێ هەمیش کە (ن)ە لەگەڵ پیتی دوای خۆی تێهەڵکێش دەکرێت کە (میم)ە و لە خوێندنەوەدا دەبێت بە (طا سیمّم) .



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## چوارەم: مەدی لازمی سووکی پیتی (المخفف الحرفي)

ئەم حاڵەتەش لە سەرەتای هەندێ سورەتدا دەبێت، کاتێ کە سێ پیت بن و پیتی ناوەڕاستیان پیتی مەدەو پیتی سێ هەمیشیان زەنەدار (ساکن)ە.

وەك:

﴿قٓ﴾ بە نووسین (قَافْ)

﴿صٓ﴾ بەنووسین (صَادْ)

دەبینین پیتی ناوەڕاستیان پیتی مەددە و پیتی دوای خۆشیان زەنەدار (ساکنن) (فْ، دْ).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# یاساکانی پیتی (ڕا)

پ/ (ڕا) چەند یاسای هەیە؟

و/ سێ یاسای هەیە:

١/ باریك (الترقيق)

٢/ قەڵەو (التفخيم)

٣/ باريك و قەڵەو (جواز الترقيق والتفخيم)

پ/ چی کاتێك (ڕا) بەباریکی دەخوێندرێتەوە؟

و/ لە شەش حاڵەتدا:

١/ ئەگەر کەسرەی لەژێردابوو، وەك ﴿ رِزْقًا ﴾،

﴿ مَّرِيجٍ ﴾.

٢/ ئەگـەر پێـشەوەی کەسـرەدار بـێ بـە کەسـرەیەکی بنـەڕەتی (أصـلي) و خـۆی زەنـەدار (سـاكن) بـێ و لـە دواییەوە پیتی (إستعلاء) نەهاتبێت.

وەك:

﴿ شِرْعَةً ﴾ ، ﴿ ٱلْفِرْدَوْسِ ﴾.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٣/ ئەگەر کەوتە کۆتایی وشەوە، وە پێشەوەیشی (یا)ی زەنەدار بوو، ئەمە لەکاتێکدا (ڕا) زەنەداربێت.

وەک:

﴿ بَصِيرٌ ﴾ ، ﴿ خَيْرٌ ﴾

٤/ ئەگەر زەنەدار بوو وە کەوتە کۆتایی وشەوە و پێشەوەیشی زەنەداربوو بەڵام پیتی (یا) نەبوو، وە پێش ئەویش کەسرەدار بوو.

وەک:

﴿ ٱلذِّكْرَ ﴾ ، ﴿ ٱلسِّحْرُ ﴾

٥/ ئەگەر زەنەدار بوو وە کەوتە کۆتایی وشەوە و پێشەکەشی کەسرەی بنەڕەتی (أصلي) لەژێردابوو، لەکاتی وەستاندا.

وەک:

﴿ نَاصِرٍ ﴾ ، ﴿ ٱلْقَادِرُ ﴾

٦/ ئەگەر لەکۆتایی وشەوە هات و زەنەداریش بوو، وە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

پێشەکەشی خاوەنی کەسرەی بنەڕەتی (أصلي) بوو، دوای خۆیشی پیتێك بوو لە پیتەکانی (إستعلاء) لە وشەی دووەمدا.

وەك:

﴿أَنذِرْ قَوْمَكَ﴾ ، ﴿فَاصْبِرْ صَبْرًا﴾

❁ ❁ ❁

پ/ چی کاتێك (ڕا) بەقەڵەوی دەخوێندرێتەوە؟

لە حەوت کاتدا:

١/ ئەگەر بۆر (ضـمة)ی لەسەربوو. وەك ﴿أَبْصَـٰرُهَا﴾ ، ﴿رُحَمَآءُ﴾

٢/ ئەگەر سەر (فەتحە)ی لەبان بوو. وەك ﴿رَبَّنَآ﴾ ، ﴿فِرَٰشًا﴾



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٣/ ئەگەر زەنەدار بوو لەدوای (ضمة)وە هاتبوو. وەك

﴿ ٱلۡغُرۡفَةَ ﴾

٤/ ئەگەر زەنەدار بوو لەدوای فەتحەوە هاتبوو. وەك

﴿ مَرۡيَمَ ﴾

٥/ ئەگەر زەنەدار (ساكن) بوو، وە پێشەوەی خاوەنی كەسرەی بنەڕەتی (أصلي) بوو، دوای خۆیشی پیتێك بوو لە پیتەكانی (إستعلاء) لەیەك وشەدا.

وەك: ﴿ مِرۡصَادًا ﴾.

٦/ ئەگەر هاتوو زەنەدار (ساكن) بوو، پیتی پێشەوەیشی پیتێكی كەسرەداری تووش هاتوو (عارض) بوو.

وەك: ﴿ أَمِ ٱرۡتَابُوٓاْ ﴾ ، ﴿ لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ ﴾.

– ئا لەم حاڵانەدا لەسەر (ڕا)كان بوەستیت یان بڕۆیت هەر بەقەڵەوی دەخوێندرێتەوە.

٧/ ئەگەر هاتوو زەنەداربوو، پیتی پێشەوەیشی پیتێكی



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# وەستان و دەست پێکردن

## (الوقف والأبتداء)

ئـەم بابەتـە یەکێکـە لـە بابەتـە گرنگـەکانی نێـو زانـستی تەجوید، کە پێویستە قورئان خوێن لەکاتی خوێندنەوەیـدا زۆر ئاگاداری یاساکانی بێت و لەبیری نەکات.

رێگە خۆشکردن لەهەندێ پێناسەدا

پ/ جیاوازی نێوان (وقف) و (قطع) و (سکت) چییە؟

١/ (وقف): بریتییـە لـە بێدەنگ بـوون و وەستان لەسـەر پـیتی کۆتـایی وشـەیەك بەشـێوەیەکی ئاسـایی و بـەنیازی بەردەوام بوون لە خوێندنەوەدا.

٢/ (قطع): بریتییـە لـە راوەسـتان لەخوێندنـەوەو بـەنیازی بـەردەوام نـەبوون، پاشـان خـۆ خـەریك کـردن بەشـتێکی ترەوە، وەك ڕکوع بردن و...

٣/ (سکت): بریتییە لە پچڕاندنی دەنگ ماوەیەکی زۆر کەم بـەبێ هەناسـەدان و بـەنیازی بـەردەوام بـوون لەخوێندنەوەدا.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

هەندێکیش پێی دەڵێن: وەستانێکی بچووك و جوان (وقفة لطيفة).

## بەشەکانی وەستان ( الوقف )

پ/ وەستان (الوقف) چەند جۆری هەیە؟

و/ زانایان دەفەرموون شەش جۆری هەیە:

١/ وەستانی خۆویستی (الأختياري)

٢/ وەستانی تاقیکردنەوەی (الأختباري)

٣/ وەستانی چاوەڕوانی (الأنتظاري)

٤/ وەستانی ناچاری (الأضطراري)

٥/ وەستانی نەگونجاوی(التعسفي)

٦/ وەستانی چاودێری (المراقبة)

پ/ وەستانی خۆویستی (الأختياري) کامەیە و چەند جۆری هەیە؟

و/ بریتییە لەو وەستانەی کە خوێنەر بەویستی خۆی لەسەر وشەیەك بوەستێت بەبێ بوونی هیچ پێویستییەك.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

زەنـەداری غـەیری پـیتی (یـا) بـوو، پـیتی پـێش ئـەویش (ضمة) یان (فەتحە)ی لەسەر بوو.

وەك: ﴿ٱلۡفَجۡرِ﴾ ، ﴿ٱلۡكُفۡرَ﴾ ، ﴿ٱلۡأُمُورُ﴾.

ئەم شێوازەی خاڵی حەوتەم لەکاتی وەستاندا لەسـەر (ڕا) بەقەڵـەوی دەخوێندرێتـەوە، بـەڵام ئەگـەر لەسـەر (ڕا) نەوەستای و ڕۆیشتی ئەوە سەیردەکەین:

١/ ئەگەر (ڕا) فەتحە یان (ضـمة)ی لەسـەربوو ئـەوە هـەر بەقەڵەوی دەخوێندرێتەوە.

٢/ ئەگەر (ڕا) کەسرەی لـەژێر بـوو ئـەوە لـەکاتی ڕۆیـشتن بەسەریدا بەباریکی دەخوێندرێتەوە نەك بەقەڵەوی.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەم وەستانەش لەخۆگری چوار بەشە:

١/ وەستانی تەواو (التام):

بریتییە لە وەستان لەسەر وشەیەك كە واتای ئایەتەكە لەو جێگەیەدا تەواو بووبێت و هیچ پەیوەندییەك لەنێوان پاش و پێشی ئەو وشەیەدا نەبێت، نە لەڕووی واتاوە نەلەڕووی زمانەوانییەوە.

وەك: وەستان لەسەر كۆتایی ئایەتەكان:

﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾

٢/ وەستانی بەس (الكافي)

بریتییە لە وەستان لەسەر وشەیەك كە تائەوێ ماناكەی تەواوبێ، بەڵام دوای خۆشی هەر لەسەر هەمان بابەت بڕوات و قسە بكات.

وەك: وەستان لەسەر وشەی ﴿ يُؤۡمِنُونَ ﴾ لە ئایەتی ﴿... أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴾ دەبینین هەتا ئێرە واتای ئایەتەكە تەواوە، بەڵام ئایەتی دواتریش لەسەر هەمان



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بابەت دەڕوات کە بەووشەی (خَتَمَ) دەست پێدەکات.

٣/ وەستانی باش (الحسن)

بریتییە لەوەستان لەسەر شوێنێك کە مانایەکی دروست بدات لەبەر پەیوەندی بوونی بە پێش و دوای خۆیەوە لەڕووی واتاو زمانەوانییەوە (لفظاً و معنی).

وەك: وەستان لەسەر وشەی ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ﴾ لەسوورەتی (الفاتحە) پاشان خوێندنەوەی ﴿ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾.

٤/ وەستانی ناشیرین (القبیح)

بریتییە لە وەستان لەسەر شوێنێك کە مانایەکی دروست نەدات لەبەر پەیوەندی بوونی بەپێش و دوای خۆیەوە لەڕووی واتاو زمانەوانییەوە (لفظاً و معنی).

وەك: وەستان لەسەر وشەی ﴿ بِسْمِ ﴾ پاشان



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

خوێندنەوەی ﴿ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾.

یان وەستان لەسەر وشەی ﴿ مَٰلِكِ ﴾ پاشان

خوێندنەوەی ﴿ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾.

## (سەکتە) لە خوێندنەوەی (حفص عن عاصم)دا

پ/ (سەکتە) چییەو لەچەند شوێندا روودەدات؟

بریتییە لە پچڕاندنی دەنگ و هەڵوێستە کردنێکی کەمی بێ هەناسەدان.

لەچوار شوێندا روودەدات:

١/ لە سوورەتی (الکهف)دا وشەی کۆتایی ئایەتی یەکەم:

﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبۡدِهِ ٱلۡكِتَٰبَ وَلَمۡ يَجۡعَل لَّهُۥ عِوَجَاۜ

(١) قَيِّمٗا لِّيُنذِرَ بَأۡسٗا شَدِيدٗا ... (٢) ﴾



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

لێرەدا قورئان خوێن لەسەر ئەلیفی ﴿ عِوَجَا ﴾ کەمێك رادەوەستێت بەبێ هەناسەدان.

بەڵام ئەگەر قورئان خوێن ویستی لەسەر وشەی ﴿ عِوَجَا ﴾ رابوەستێت ئەوە بۆی دروستە بووەستێت و هەناسەی تازەش بدات، بەڵام ئەگەر ویستی رانەوەستێت ئینجا ئەوکات (سەکتە) دروست دەبێت.

٢/ لەسوورەتی (یس)دا ئایەتی (٥٢).

﴿ قَالُوا۟ يَـٰوَيْلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا ۜ هَـٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحْمَـٰنُ وَصَدَقَ ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿٥٢﴾ ﴾ لێرەدا قورئان خوێن لەسەر ئەلیفی ﴿ مَّرْقَدِنَا ﴾ کەمێك رادەوەستێت بەبێ هەناسەدان.

بەڵام ئەگەر قورئان خوێن ویستی لەسەر وشەی ﴿ مَّرْقَدِنَا ﴾ رابوەستێت ئەوە بۆی دروستە بووەستێت و هەناسەی



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

تـازەش بـدات، بـەڵام ئەگـەر ویـستی رانەوەستێت ئینجا ئەوکات (سەکتە) دروست دەبێت.

٣/ لە سوورەتی (القيامة)دا ئایەتی (٢٧)

﴿ وَقِيلَ مَنْۜ رَاقٍ ﴾

٤/ لە سورەتی (المطففين)دا ئایەتی (١٤)

﴿ كَلَّا بَلْۜ رَانَ ﴾

ئا لەم دوو حاڵەدا (٣، ٤) (سـەكتە) پێویـستە و هـەردەبێ بکرێ و نابێ لەبیر بکرێ، چونکە بـەجێ بـەجێ نـەکردنی (سـەکتە) واتاکـەیان تێکدەچـێت، وە بـەهیچ شـێوەیەك دروست نییە یاسای (إدغـام)یـان بەسـەردا بچەسپێنرێت و (ن لە رِا داو، ل لە را)دا تێ هەڵکێش بکرێت، بـەڵکو دەبـێ یاسـای (إظهـار)یـان بەسـەردا جـێ بـەجێ بکرێـت و زۆر بەئاشکرایی دەربڕدرێن.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

تێبینی:

ئایەتی (٢٨، ٢٩) لە سورەتی (الحاقة) دەفەرموویت:

﴿ مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ ﴿٢٩﴾ ﴾

لێرەدا قورئان خوێند دەتوانێت لەسەر پیتی (هـ)ی ﴿مَالِيَهۡ﴾ سەکتە یان ئیدغام بکات، چونکە ئەم بابەتە پەیوەندی هەیە بە باسی ئیدغامی هاو وێنەیی یەوە (المثلین)، کە بریتییە لە تێهەڵکێشکردنی دوو پیت کە لەکاتی دەربڕیندا وەکو یەك وابن، بەمەرجێك پیتی یەکەم زەنەدار (ساکن) بێت و دووەمیش بزواو (متحرك) بێت.

کە دەبینین ئەم شێوەیە زۆر بە ئاشکرایی روویداوە لە ئایەتەکەدا، کاتێ پیتی (هـ گەیشتووە بە هـ)

﴿ مَالِيَهۡ - هَلَكَ ﴾

الحمدلله له رۆژی ( ٢٠٠٩/٦/١٥) لەشاری هەولێر لەم وەرگێڕانە بوومەوە.

چاوەڕوانی ئاستی دووەهەم بن

ئێمەش چاوەڕوانی دوعای خێرتانین

E-mail:zana karem87@yahoo.com

سُبۡحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلۡعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلۡمُرۡسَلِينَ

وَٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# سوپاس و پێزانین

## زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەسانە ئەکەم کە یارمەتیان دام

## بە تایبەت :

- ماموستای خۆشەویست و نازیزم مامۆستا مەلا (ئەحمەدی شافعی ) کە پێداچوونەوەی ئەم وەرگێڕانەی بۆ کردم هەر لە پێداچوونەکەیدا بوو کـە دایکی بەڕێزیان کۆچـــی دوایی کردوو دنیای بە جێ هێـشت بۆیە ئەپاڕێمەوە لە خوای میهرەبان کە مامۆستای دڵسۆزمان بۆ بپارێزێت و تەمەنی پڕ لە بەرەکەت بکا و دایکی بەڕێزیشـــیان بەر عەفوی خـۆی بکات و بەبەهەشت و ڕەحمەتی فراوانی خۆشنودی بکات ,

- برایـــانی سـەنتەری حیکـــمە لەشـــاری هەولێر

- کتێبخانەی مەحوی کە ئەرکی لە چاپدانی گرتە ئەستۆ

**هیوا دارم خوای گەورە لێم قبوڵ بکاو بیکاتە مایەی سوود کەڵک**
**بۆ هەموو خوێنەرانی وتەوفیقی هەموو لامان بدات بۆ قسەو کرداری خێر.**

زانـــا کـەریم

٢٠٠٩/١٢/٢٢

والسلام عليكم

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) دەفەرموێت:

- چاکترین کەستان ئەو کەسەتانە کە قورئان فێر دەبێت و خەڵکانی تریش فێردەکات.

- قورئان بخوێنن چونکە لەرۆژی قیامەتدا قورئان دەبێتە تکاکار بۆ هاوەڵەکەی ( خوێنەرەکەی )

- هەر کەسێك پیتێك لەقورئان بخوێنێت ئەوا چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت، چاکەیەکیش لەلای خوا بەدە چاکەیە، ناڵێم (الم) پیتێکە، بەڵکو (أ) پیتێکە و (ل) پیتێکە و (م) پیتێکی ترە.



ژمارەی سپاردن ١٩٤٢ ی ساڵی ٢٠٠٩

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner